# زەبەلاحە خۆپەرستەکە

## باخەکەی مام زەبەلاح

ئەفسانەی ئۆسکار وایڵد
نیگاری: پ. کرێی ڕاسڵ
لە ئینگلیزیو نەرویژییەوە: کەریم مستەفا



کتێبی منداڵ
٢٥




ئەمە کۆپی پۆستکارتێکە کە (وێنای) ناوەڕۆکی چیرۆکەکەیە.

زەبەلاحە خۆپەرستەکە
ئەفسانەی ئۆسکار وایڵد
نیگاری: پ. کرێی ڕاسڵ
دەزگای بڵاوکردنەوەی نەرویژی ساڵی١٩٩٢
چاپکردنی لە ئەمریکا ساڵی١٩٩٣
لە ئینگلیزیو نەرویژییەوە: کەریم مستەفا

پرۆژەی کتێبی منداڵ:(٢٥)
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
سەرپەرشتیار: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
نەخشەساز: قادر میرخان
چاپ: ئۆفسێتی تیشک
نرخی:(٧٥٠)دینارە

2004

ئەفسانەی ئۆسکار وایڵد

# زەبەلاحە خۆپەرستەکە







باخەکەی مام زەبەلاح، تا بڵێی دڵگیرو جوان بوو. ناوەڕاستی باخەکە بە چیمەنێکی سەوزو نەرمو تەڕ داپۆشرابوو. لەملاو لەولاوە گوڵی جوان و ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆش، لەناو چیمەنەکەدا وەک ئەستێرە بڵاوببوونەوە. جگە لەمانەش دوانزە درەختی قۆخ لە باخەکەدا هەبوون، کە لە بەهاراندا سەرتاپا بە گوڵی پەمەیی دادەپۆشران و لە پایزانیشدا لقەکانیام بە قۆخی گەییوو بە تام دەچەمانەوە.









ڕۆژێکیان مام زەبەلاح گەڕایەوە



مام زەبەلاح حەوت ساڵ بوو چووبوو بۆ میوانی بۆ لای (ڕەزاگرانی) هاوڕێی دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵو دوای کە هەرچییەکیان هەبوو پێکەوە باسیان کردبو، ئیتر هیچ نەمابوو باسی بکەن؛ جا مام زەبەلاح بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ قەڵاکەی خۆی کە لە ناوەڕاستی باخەکەدا بوو.



کە گەیشتە بەرەوەو دیتی ئەو هەموو منداڵە لە باخەکەدا گەمەدەکەن؛ بە دەنگێکی گڕو بەرز هاواری کرد:







مام زەبەلاح، لە ڕقان دیوارێکی ئەستوورو بەرزی بە دەوری باخەکەدا هەڵچنیو تابلۆیەکی گەورەشی پێدا هەڵواسی.لەسەر تابلۆکە نووسرابوو:




ئەو منداڵە بێچارانە ئێستا شوێنێکیان نیە یاری تێدا بکەن.
ویستیان لەسەر ڕێگاکە یاری بکەن، بەڵام ڕێگاکە هەر خۆڵ و تەپوتۆز بوو، پڕیش بوو لەبەردی ڕەق، جا بۆیە منداڵەکان حەزیان لەوێ نەدەکرد.
منداڵەکان دوای ئەوەی ئەرکی قوتابخانەیان تەواو دەکرد، هەر بە دەوروخولی باخەکەدا دەهاتن و دەچوون و باسی جوانی باخەکەو گوڵ و درەخت و چیمەنەکەیان دەکردو بە غەمبارییەوە بە یەکتریان دەگوت:
ئای کە دڵخۆش بووین لەم باخەدا!
کاتێ بەهار هات، گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەشت و دەریان داپۆشی جریوەی مەلی دەنگخۆش هەموو شوێنێکی پڕکردبوو؛
بەڵام تەنهاو تەنها، لە باخەکەی مام زەبەلاحدا نەبێ هێشتا زستان بوو. مەلی دەنگخۆش چۆن لە باخێکدا دەخوێنێ کە منداڵی تێدا نەبێت؟ درەختەکانی باخەکەش چونکە گوێیان لە قریوەو پێکەنینی منداڵەکان نەبوو، هێشتا لەخەوی زستان بەئاگا نەهاتبوونەوە و تاقە چرۆیەکیشیان نەکردبوو.
ڕۆژێکیان گوڵێکی جوان لە سووچێکی باخەکەوە سەری لەناو گیای چیمەنەکەوە بەرزکردەوە؛ بەڵام هەر کەنووسراوی سەر دیوارەکەی بینی، زۆر خەفەتی بۆ منداڵەکان خوارد و لە داخا سەری خۆی کردەوە بەناو گیاکەدا و لێی نوستەوە.
هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە، سەرپێچیکار سزا دەدرێت
هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە، سەرپێچیکار سزا دەدرێت
هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە، سەرپێچیکار سزا دەدرێت










جا داواشیان لە ڕەشەبای هاوڕێیان کرد کە بێت بە میوانیان؛ ئەویش بە لورەلور هات.لەناو باخەکەدا هەر تەراتێنی دەکردو هەرچی گوێسوانەی کۆشکو قەڵاکەی مام زەبەلاح هەبوو هەموو ڕووخاند. ڕەشەبا بە لورەلور دەیگوت. گەر تەرزەش بانگکەین، ئیتر پێڕەکەمان تەواو دەبێت. جا ناردیان بە شوێن تەرزەدا.




تەرزەش بە هەڵەداوان هات و دایکرد.
ڕۆژانە سێ سەعات تەرزە دەباری و تەواوی
سەربانی کۆشکەکەی چاڵ و چۆڵ کردبوو.
تەرزە، بۆر دەچوو و هەناسەکانی دەتکوت شەختەیە!
ڕۆژێك زەبەلاحە خۆپەرستەکە لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە لە باخە ساردو سڕەکەی خۆی
دەڕوانی و لەبەرخۆیەوە وتی و دەیگوت
من نازانم بۆچی بەهار هەر
نەگەیشتە باخەکەی من؟!
هیوادارم
تەشقی ئەم
سەرمایە
بشکێ!




* خا: کورتکراوەی خاتوو: خانمە




چی بینی






ئای کە دیمەنێکی جوان بوو!

بەڵام لە سوچێکی باخەکەدا هێشتا بەفرەکە نەچووبۆوەو هەر زستان بوو




بەڵام کوڕە چکۆل، هەرچی دەکرد، دەستی نەدەگەیشتە نزمترین چڵی درەختەکەش.
لە سوچی ئەوسەری باخەکە، کوڕێکی بچکۆلە لەژێر درەختێکدا وەستابوو. هێندە ختجیلانە بوو تەنانەت دەستی نەدەگەیشتە نزمترین چڵی درەختەکە؛ بۆیە بە کوڵ دەگریا. پیرە درەختیش هێشتا هەر زوقم و چلورە بوو. ڕەشەباش بە هەموو هێزی خۆیەوە دەیهەژاند.
پیرە درەخت تا ئەو جێگەیەی توانی خۆی نوشتاندەوەو بە کوڕە چکۆلەکەی گوت:
خۆت هەڵواسە بە لقێکمدا
کوڕە چکۆل
ئێستا دەزانم کە بۆچی بەهار ڕووی نەدەکردە ئێرە
ئای چەند خۆپەرست بووم!
دەبێ ئەو کوڕە چکۆلەیە بخەمە سەر لقی ئەو درەختەو دەبێ ئەو دیوارەی دەوری باخەکە بڕوخێنم. دەبێت باخەکەم ببێت بە یاریگای هەمیشەیی منداڵان
مام زەبەلاحیش لە دوورەوە هەر سەیری دەکرد، کە ئەو دیمەنەی دیت، دڵی زۆربەو کوڕە چکۆلەیە سوتاو لەبەرخۆیەوە گوتی:
مام زەبەلاح، بە ڕاستی پەشیمان بوو لەوەی کە کردبووی!
بە پەلە بە پلیکانەی قەڵاکەیدا هاتە خوارێ و دەروازەکەی بە هێواشی کردەوەو چووە ناو باخەکەوە.






مام زەبەلاح لە پشتەوە کوڕە چکۆلی هەڵگرت و لەسەر دەستی خۆی داناو بە هێواشی خستیە سەر لقێکی درەختەکە.

درەختەکە یەکسەر لق و چڵ و پۆپەکانی بە گەڵا داپۆشراو مەل و باڵندەی دەنگخۆشی بە سەرەوە نیشتەوە.





جا کە منداڵەکان بینیان مام زەبەلاح چیدی تووڕە نیە لەگەڵیاندا، هەموو بە قریوەو پێکەنینەوەو
بە ڕاکردن هاتنەوە ناو باخەکە. لەگەڵ هاتنەوەی ئەوانیشدا بەهاریش گەڕایەوە ناو باخەکە









ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ، منداڵەکان لە باخەکەدا هەر گەمەیان کرد؛ کاتێ ئێوارێ داهات،
منداڵەکان هاتن تاکو ماڵئاوایی لە مام زەبەلاح بکەن، ئەویش لێی پرسین:










وەلێ منداڵەکان دەیانگوت
کە نازانن لە کوێ دەژیو
پێشتریش هەرگیز نەیاندیوە



هەموو دوای نیوەڕۆیەك، کە منداڵەکان لە قوتابخانە دەگەڕانەوە دەهاتنە ناو باخەکەو وازییان لەگەڵ مام زەبەلاحدا دەکرد.













سەرلەبەیانی، ڕۆژێکی زستان، مام زەبەلاح خەریکی جل لەبەرکردن بوو، لە پەنجەرەی ژوورەکەشیەوە لە دەرێی دەڕوانی
ئیتر ئێستا مام زەبەلاح چیدی ڕقی لە زستان نییە؛ چونکە دەزانێ کە زستانیش هەر بەهارە، بەڵام بە نووستیوویی‌و گوڵنیش لە خەردان!
مام زەبەلاح وەک ئەوەی بڕوا بە چاوەکانی خۆی نەکات، کەوتە چاوهەڵگلۆفتن‌و هەر دیقەتی دەدا.
دیمەنێکی دڵڕفێن بوو
درەختی سوچی ئەوسەری باخەکە، سەرتاپای بە گوڵی سپی داپۆشرابوو. لقەکانی زێڕین‌و چڵەکانی میوەی زیوینی پێدا شۆڕشببوونەوە. ئەو کوڕە چکۆلەیەش کەوا مام زەبەلاح خۆشیدەویست وا لەژێریدا ڕاوەستاوە.
مام زەبەلاح لە خۆشیان، چەندی لە تواناندا هەبوو بە پەلە لە پلیکانەکان چووە خوارێ
دەرگای قەڵاکەی کردەوە
چووە ناو باخەکەوە. بە پەلە بەسەر چیمەنەکەدا بەرەو لای کوڕە چکۆل چوو


ئاخر بەری هەردوو دەستی و
هەردوو پشتی پێی کورەچکۆل
جێی مێخی پێوە دیاربوو
خوێنیشی تێزابوو!
کاتێک گەیشتە لای کورەچکۆل، هەردوو چاوی
سوور بووەوە و بە تورەییەوە هاواریکرد:
کێ وێراویەتی
وا لەتۆ
بکات؟!
مام زەبەلاح هەر هاواری دەکردو دەیتەراند:
کێ وای لێکردوویت؟
بەس پێم بلێ
شمشێرەکەم دەهێنم و
دەچم ملی دەپەڕێنم!


نا، ئەم برینانە نیشانەی خۆشەویستین!
تۆ کێیت؟!
مام زەبەلاح زۆر بە سەرسامیەوە بە چۆکدا هات و لەبەردەم ئەو منداڵە بچکۆلەیەدا نووشتایەوە
کورە چکۆل بە دەم خەندەوە سەیری مام زەبەلاحی کردو گوتی:
تۆ جارێکیان هێشتت من لە باخەکەتدا یاریبکەم
ئەمڕۆش تۆ دەتوانی بێیتە باخەکەم
کە بەهەشتە!


دوای نیوەڕۆ، کە منداڵەکان لە قوتابخانە
گەڕانەوەو بە ڕاکردن چوونە ناو باخەکەوە؛
دیتیان کەوا مام زەبەلاح لەژێر درەختەکەدا
ڕاکشاوەو سەرتاپای لەشی بە گوڵی سپی
داپۆشراوە!



ئۆسکار وایلد(١٨٥٤-١٩٠٠) به پێی ئەو سەردەم‌و کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیا، وەك مرۆڤێکی ئاسایی تەماشا نەدەکرا. بەوپێیەش بەرهەم‌و نووسراوەکانی ڕەنگە لای هەندێ، ئاسایی نەبێت؟!گەر تەنها باس لەم کورتە چیرۆکەشی بکەین، ئەوا ڕەنگە لای زۆربەمان، بە تایبەتی کۆتاییەکەی) جێی ڕەخنەو مشتومڕ بێت، بەڵام با ئێمە ئۆسکار وایلد وەك ئەوەی هەبوو سەیربکەین. ئەو مرۆڤێکی جیا/ تایبەت بوو با ئێمەش ئەو تایبەتیەتەمان قبوڵ بێت. چیرۆکی زەبەلاحە خۆپەرستەکە (کە من پێم باشترو جوانترە بیکەم بە باخەکەی مام زەبەلاح) ئەوەمان نیشان دەدات کە دەکرێ "ڕۆژێ لە ڕۆژان" یان لە ساتەوەختێکدا واز لەو خۆپەرستیە بهێنێ‌و تۆوی خۆشەویستی لە دڵیدا چەکەرە بکات‌و نەك باخەکەی خۆی، بگرە هەمووو باخێکیش بکاتە موڵکی منداڵان! من دەقی ئەم چیرۆکەم لە ڕووی تێکستە ئینگلیزییەکەوە کردووە بە کوردی‌و بە تەرجوومە نەرویجیەکەش بەراوردم کردووە. دەتوانم بڵێم کە (بە موو) لە دەقە ئینگلیزیەکە لام نەداوە مەگەر ئەوەی کە جیاوازی ڕێزمان‌و سترکتوری دوو زمانەکە ناچاری کردبم! بەو هیوایەی کە لەم ڕۆژگارە سەخت‌و نالەبارەدا باخێك هەبێت منداڵە ئازیزەکان گەمەی تێدا بکەن.



لەبڵاوکراوەکانی دەزگای
چاپ و پەخشی سەردەم